

# ديوانی

## ( سکالاَی دەروون )

شاعیر/ مەلا گچکە عبداللە مفتی شەقلاَوەیی

ئامادەو کۆکردنەوەی بۆچاپ/ دیار مەلا گچکە

2008

## ناوەڕۆك


هۆنراوەی ڕامیاری

ڕازی كۆتر ............ ...............................................

بۆ هەڵبجەی شەهید ........................................ ..

كاتێ خۆشەویستی ئەدوێ ............................ .......

وا دێم بۆ لات ................................................

چیای سەفین ..................................................

شەهیدان نامرن ..............................................

بانگەوازی ئازادی ............................................

گەڕان بە دوای هۆنراوەیەكی وونبوو.........................................

هۆنراوەی دڵداری

دارەكەی بەر ماڵی یارم ...............................................................

نامەو شەماڵ

گازندە لە زمانە ...........................................................................

ڕۆژانی ڕابردوو .............................................................................

ڕاسپاردەی دڵ ......................................

دڵ لە لاتە .........................................

سكالای بولبولێك .......................................

یار ....................................................

خۆشەویستم....................................

ژووان ................................................

دوو بیر خستنەوەی بۆ خۆشە ویستەكەم ..............................

هۆنراوەی كۆمەلایەتی

دەستیان لێ وەشاندوە ............................................

دەمەتەقێی نێوان هەژار و دینار ....................................

دەرەبەگ ............................................................

بالۆرەی كیژە كوردێك .................................................

هۆرەی دوێنێ و ئەمرۆی(لالۆ جوتیار) ..................................
تەشیەکەی شیرین ...........................................
دەمەتەقێی نێوان کوڕی ئاغا و کوڕی جووتیار ..............................
گوفت و گۆ لە نێوان کرێکار و جوتیار ................................ .
هۆنراوەی هەمەچەشن
پەخشان ....................................................
سێ شت ....................................................
بۆ جوانێکی کۆچەر ..........................................
زەنگی گەروت ...............................................
بە بۆنەی کۆچ کردنی هونەرمەند(ئەیاز)....................................
گەر بۆم بکرێ....................................................................
هێزی بازوو.......................................................................
ئەو برینانەی هەتا هەتایە سایێژ نابن ..........................................
دوو بۆستەرە شیعر ...........................................................
بۆ ڤێتنام .......................................................................
شەوێك لە سەر کێلگەی پێشمەرگەیەکی شەهید.....................
بۆ گۆرانی شاعیر................................................................
کاتێ ویژدان دەدوێ ...........................................
کرێکارم .............................................................
گەر بۆم بکرێ ..............................................
هێزی بازوو ...................................................
ئەو برینانەی تا هەتایە سارێژ نابن .................................
داخێك .....................................................
کاوێس ئاغای نەمر .........................................
جەژنی نەورۆز ..............................................
جگەرە .......................................................
شاری بەرلین ................................................
گوفت و گۆی لە نیوان دوو مندالی پارچەلەی کورد ........................

پێشکەشە بە
چیای سەفینی خۆشەویست
وەك سەنگەرەکانی پێویست
بە شەهیدانی خاکی کوردستان
کە تێکۆشانیان بۆتە داستان
بە شارۆچکەی هاوینە هەوارم
کە هەردەم ناوی وا لە سەر زارم
مەلا گچکە

بۆ سەر کێلی قەبرم
گەڵی سزام دیت لە دونیای پڕ غەم
دەربەدەر, بەندی, نەبونی وستەم
بەڵام زۆر مەرجە کۆڵنەدان هەردەم

## تا ئاواتەكەت دێنیتە بەرهەم

## مەلا گچكە

### ژیاننامەی شاعیر مەلا گچكە عبدالله مفتی

مەلا گچكە ساڵی 1924 لە هاوینە هەواری شەقڵاوە لە نێو باخ و باخان و ئاوی سازگار لە خێزانێكی خانەدان و رۆشنبیرو شۆرشگێر لە دایك بووە. باوكی كاكە مەلا پیاوێكی خوێنەوار و زیرەك و خاوەن ئەزموون بووە. پیاوێكی دیندار بووە, ئیمام تابوری عەسكری بووە. خانەدان و دیار بوون. دایكی مەلا گچكە ناوی (خدیجە)یە كچی تەها فندیـیە وە خۆشكی مەدحەت بووە. بنەماڵەی دایكی مەلا گچكە بە مەدحەت ناسراون كە هەمیشە ماڵەكەیان پڕبووە لە خەڵكی هەژار و یارمەتی لێ قوماوانیان داوە لەو بنەماڵەیەش ز ۆر مرۆڤی بە ناوبانگ هەڵكەوتووە.

مەلا گچكە زۆر لە ڕوداو كارەسات و شۆرشەكانی سەردەمی خۆی بینیوە. لە بنەماڵەی(مفتی)یان بووە. مەلاگچكە خوشكێك وسێ برای هەبوو یەكێكیان لە ژیان نەماوە. خواڵێ خۆشبوو مەلا گچكە ئەگەر چی قوتابخانەی سەرەتای تەواوكردوە. بەلاّم خوێندەواریەكی زۆرچاكی هەبووە. زمانی كوردیەكەی زۆر پوخت و پاراوبووە هەروەها شێوازی شارەزوری و هەورامی زۆر چاك زانیوە جگە

له کوردی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و روسی زانیوه له ژیانی دا, گەلێك كاری كردوه له وانه ماوەیەك (مامور حقل) كشتوكاڵ بووه دوایش كاری تەندروستی كردوه.
وەك زۆر له خوێنەران دەپرسن ناز ناوی مەلاگچكه له چی هاتووه له ڕاستیدا(مەلاگچكه) ناوی ڕاستی شاعیره نەك ناز ناو. لەم بارەیەوه دوو بۆ چون هەن كه بنەماڵەكەمان دەڵێن گوایه داپیرم حەزی كردوه كه باوكم ببێ به مەلا وەك باپیرەی خۆی گوایه باپیری مەلایەكی دیار بووه واته باپیری مەلاگچكه مەلا بووه.
بۆ چونێكی تریش هەیه گوایه مەلاگچكەی شاعیر به منالێ و هەرزەكاری جلی مەلایانی پۆشیوه بۆیه پێیان وتوه مەلاگچكه.
شاعیر مەلاگچكه وەك خۆی له دەست نوسێكیدا دەڵی ساڵی 1957 دەستم داوەته نووسین و بەرهەمەكانم له سەرەتادا چەند چیرۆكێك بووه, به بوچوونی خۆم له چیرۆك نووسین سەركەوتوو نەبووم. بۆیه دەستم كرد به شیعر نووسین بۆ یەكەمجار ساڵی 1958 به هۆی بەرپابونی شۆرشی 14گەلاوێژ ڕوو به ڕووی جەماوەر شعرم خوێندەوه .. كه ئەوكاته بووه مایەی سەرنج ڕاكێشانی خەڵك و جەماوەریش بونه هاندەرێكی چاك بۆم.
مامۆستا خوالێخۆش بوو مەلاگچكه خاوەنی كۆمەڵێك نووسینی وەك شیعر و چیرۆك و شانۆگەری وقسەی نەستەق و ووتار و بابەتی جۆراوجۆر بووه. زۆربەی زۆریشیان تا ئێستا پارێزراون.
كاكه مەلا نووسەرێكی خاوەن هەڵوێست و چاو نەترس بوو هەمیشه له گەڵ ئازاری گەڵەكەیدا ژیاوه. ئەدەب و سیاسەت به تەواوكەری یەكتری دەزانی بۆیه هیچ كامێكیان فەرامۆش نه دەكرد.
هەمیشه له نیو ئێش و ئازاری گەلەكەی بووه. بۆیه هەر له تەمەنی هەرزەكاریدا تێكەڵ به خەباتی گەلەكەی دەبێت, له شۆرش هەم پێشمەرگەیەكی چاوپوك و كادرێكی چالاك بووه. وه هەر وەكو كارمەندێكی تەندروستی و دكتۆرێكی دڵسۆز ناوبانگی دەركردبوو. هەروەها بەرپرسی بنكەی تەندروسەتی له بارزان بووه له گەڵ بەرپابوونی شۆرش خۆی و بنكەی تەندروستی پەیوەندی به شۆرشی بارزان كردووه. هەر به هۆی پێشمەرگایەتی و كاری تەندروستی گەلێك ناوچەی كوردستان گەڕاوه وەك ناوچەكانی خۆشناوەتی به تەواوی گوندەكانی ناوچەی باڵەكایەتی وەك چۆمان و ناوپردان و دەربەند و گەلاڵه و ڕایات و شێخان و لێوژێ و قەسرێ .. هەروەها ماوەیەكی زۆریش له ناوچەی بارزان بووه و له نەخۆشخانەكان كاری دەكرد بۆیه به دكتۆر مەلا ناسرابووه, هەروەها ناوچەی شارەزوو وەك زەڵم و ئەحمدئاواو هەڵبجه وخورماڵ و ناوگردان و عەنەب وعەبابەیلێ و هەر ئەو ماوەیەش (مامور حقل)بوه, تا به ڕێكەوت له ناوچەی سلێمانی خێزانێك پێك دێنێ و كچێكی ئەم ناوچەیه دەخوازێ له بەر خۆشەویستی ناوچەكه مەلاگچكه به كاكه مەلا دەناسرێ و خێزانەكەشی به دایكه. دایكه و كاكه مەلا دەبنه هۆی پێگەیاندنی نەوەیەكی تری

ڕۆشنبیر. دەبنە خاوەن پێنج کوڕو چوار کچ. ماوەی چوار ساڵ لە ناوچەی شارەزوو لە هەڵبجە دەمێنێتەوە لە ساڵی 1960 بەماڵەوە دەگەرێتەوە شەقلاوە و لە وێ جێنشین دەبێت. کاکە مەلا زۆر حەزی لە دیمەنی سروشتی کوردستان و بە تایبەتی شارەکەی خۆی دەکرد, زۆر جاران دەیگوت ئەم سروشتە جوانەی شارۆچکەکەم هاندەرێکمە بۆ شیعر نووسین دەیگوت خۆشترین ساتەکانی ژیانی من نووسین ئەوکاتەن کە لە ئاو و باخچەکەماندا لە ژێر دار گوێزێك یان دار هەنارێك دادەنیشم لە گەڵ هاژەی ئاو دەنگی بولبول و شالور مەست دەبم. زۆر جاران ئاماژەی بە هەندێك شوێنی دیارکراوی دەکرد لە شارۆچکەی شەقلاوە وەك کانی مزگەوت و چایخانەی تەم تەم دەیگوت من هەمیشە خۆم بە قەرزاری ئەم شوێنانە دەزانم چونکە ڕۆژانێکی زۆر لەم شوێنانە هیلاکیم لێ حەساوەتەوە.

خوێنەری بەرێز کاکە مەلا خاوەنی پەرتوکخانەیەکی خنجیلانە و پڕ پەرتوکی بەنرخ بوو, ساڵ لە دوای ساڵ ئەم پەرتووکخانەیە گەورەتر دەبوو زۆربەی گەنجەکانی شارەکەی سەردانی ئەم پەرتوکخانەیان دەکرد زۆر جاران هەندێك لەو برادەرانە دەبینم دەڵێن ئێمە پەروەردەی پەرتوکحانەکەی کاکە مەلاین. بەڵام بەداخەوە لە گەڵ هەر هێرشێکی دوژمن بۆ سەر ناوچەکە پەرتوکخانەکەی کاکە مەلاش بێ بەش نەبووە لە تالان کردن و فەوتاندن .. هێندە خولیای کتێب وخۆشەویستی پەرتوك لە دڵیان بووە هەر جارێ کە دوژمن ماڵی تالان دەکرد و دۆست و ناسیاو دەهاتن بۆ دڵدانەوەی دەیگوت برینی ماڵ و سامان چاك ئەبێتەوە بەڵام زامی سوتانی یەك پەرتوك تاسەرئێسقان دەمسوتێنێ هەموو جار ئەم ووشانەی دووبارەی دەکردەوە .. وەك خۆی دەڵێئێستا ئەم چەند شیعرەم هەن کە لەم دەفتەرە تۆمارکراون هەندێکیان بە هۆی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بە دەستم کەوتونەتەوە چونکە لە هەندێ گۆڤار و رۆژنامە شیعرم تێدا بلاۆکراونەتەوە لەوانە ڕۆژنامەی دەنگی پێشمەرگە لە ساڵی شەستەکان بوو گۆڤاری هەولێر لە ساڵی هەفتایەکان بوو گۆڤاری بیری نوێ گۆڤاری کاروان گۆڤاری مەم, وە هەروەها ڕۆژنامەکانی ئەمرۆی کوردستان کە چەند شعرێکم تێدا بلاۆکردبونەوە.

خوێنەری بەرێز .. خوالێ خۆشبوو زۆر حەزی بە تێکەڵی کردووە ئاشنایەتی لە گەڵ زۆر لە ئەدیب و نووسەرو هونەرمەند و شاعێران هەبووە ئاڵ و گۆڕی بۆ چون و بابەتەکانیان دەکرد وەك خۆی دەڵێ مام هەژار شاعیر دۆستێکی زۆر نزیکم بوو لە گوندی لێوژێ. بە هۆی پێشمەرگایەتی ناسیم دەڵێ زۆربەی کات شعرەکانم نیشانی ئەو داوە هەمیشە هانی ئەدام ئەوماوانەی کە لە گەڵ ئەو بووم بۆ من ماوەیەکی چاك بوو سوودم لە ڕێنمایەکانی وەردەگرت .. شیعرەکانی مەلا گچکە چەند جۆرێکن لە وانە شعری کۆمەلأیەتی .. شعری دڵداری .. شعری ڕامیاری هەروەها شعری گاڵتەوگەپ.

مەلا گچکە لە شیعری کۆمەڵایەتیەکانیدا چەند لایەنێکی کۆمەڵایەتی خستۆتە ڕوو بە تایبەتی هەندێك لە خۆنەویستی گەلەکەمان کێشەکانی خستۆتە بە چاو بە تایبەتی لە شیعری (دەستیان لێ وەشاندوە) کە ئەم جۆرە شیعرانە دەنگێکی چاکیان هەبوو کە زۆربەی شیعرە کۆمەڵایەتیەکانی ئامۆژگاری بوون بۆ ئەوخەڵکانەی کە دوای شتی خورافیات کەوتبوون. شیعرە ڕامیاریەکانیشی لە شەستەکان و حەفتاکان دەنگ دانەوەیەکی زۆر چاکیان هەبووە. لەوانە (ڕازی کۆتر) و (پێشمەرگەم) هتد .. کە ئەمانەش هاندەرێك بوون بۆ وورە بەرزی و بڕوا بەخۆبون کە گەنجەکانی ئەوسا دەیان وتەوە .. شیعری گاڵتە وگەپ ئەمەش جۆرێك بوون لە شیعری گاڵتەوپێکەنین کە توانیویەتی بە شێوەیەکی جوان دایان بڕێژێ لە دانیشتنەکان, وە زۆر جاریش ئەم شیعرانە دەوتران. کاکە مەلا زۆر خولیای جوانی سروشت بووە بۆیە لەم بارەیەوە سروشت و شارەکەی بێ بەش نەکردبوو لە پیاهەڵدان و ڕازاندنەوە. هەروەها خوالێخۆشبوو مەلا گچکە هیچ کاتێك ئافرەت فەرامۆش نەکردوە چەندین شیعرو وتاری لە سەر ئافرەت و خەباتی ئافرەت و دەست ڕەنگینی ئافرەتان نووسیوە زۆر لایەنگری مافی ئافرەتی بووە حەزی بە سەربەستی ئافرەتان کردوە کە ئەمەش لە شیعری (تەشیەکەی شیرین) ڕەنگی داوەتەوە. هەروەها چەندین کۆڕی تایبەتی گێرا لە سەر ڕۆڵی ئافرەتی کورد و ڕەنگدانەوەی خەباتیان. زۆربەی بەرهەمەکانی کاکە مەلا هی ساڵی شەست و حەفتایەکانن, بەڵام بەداخەوە زۆر لە بەر هەمەکانی تەفروتونابون و وون بوون ئێستا لەو دەست نووسەی لەبەر دەستم دایە ،کۆمەڵێك شعری بەنیوە چڵی تێدایە, یان تەنها چەند دێرێکی سەرەتایەو بێ کۆتایی, یان تەنها کۆتاییەکانەو بێ سەرەتا. هەندێك لە شیعرەکانی کە خۆم بەشێکی کەمم ئەزبەربو ئەوانیش دیار نین هەوەها برادەرێکی نزیکی کاکە مەلا ئاگاداری کردمەوە کە ئەو شیعرانەی لە کۆرەکانی تایبەتی بە شیعرەکانی کاکە مەلا پێشکەش کرا کە کاکە مەلا خۆی شیعرەکانی پێشکەش کردن .. ئەمرۆ لە دەست نووسەکەی دا نیە بە داخەوە دیارە ئەوانیش وەك دەیان شعری تری بێ سەروشوێن بوونە.

بۆیە هەر بە ڕێگای ئەم نووسینەم داوا لە سەرجەم ئەم دۆست و برادەرە دڵسۆزانە دەکەم کە ئەگەر هەر بەرهەمێکی کاکە مەلایان لادەست دەکەوێت, با بیپارێزێت تا لە دەرفەتێکا دەکەونە دەست خۆم بۆ ئەوەی بە یارمەتی هەموولایەك بتوانین بەرهەمەکانی لە فەوتان ڕزگار بکەین

چەند لایەنێکی تری خوالێ خۆشبوو مەلاگچکە بایەخی تایبەتی داوە بە چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردی کە وەك دەست نووس چەند چیرۆکێکی هەیە.

بایەخی داوە بە قسەی نەستەق کە لە دەرفتەری تایبەتی خۆی تۆماری کردون.

چەند بابەتێکی سەیرو چەند ڕوداوێکی جۆراو جۆری شارەکەی نووسیوە.

هەروەها چەند نوکتەیەکیش بۆ پێکەنین نووسیوە.

هەندێ نووسینی مێژووی ئەدەبی کە تا ئێستاکە پارێزراون.
زانیاری تایبەتی لە سەر هندێ گۆرانیبێژان نووسیوە وەك کاوێس ئاغا و مریەم خان و سێوە.
بەشداری زۆربەی شانۆگەریەکانی ئەوسای کردوە زۆربەی کاتەکان دەوری سەرەکی بینیوە.
هەروەها لە سالی هەفتاکان لە گەل سەربەست میران و حەمید قصاب دەستەیەکیان پێك هینا بۆ دامەزراندنی تیپکی مۆسیقا و هەروەها تیپێکی شانۆگەری کە لە حەفتاکان جموجۆل و چالاکی زۆریان نمایش کرد ناو بانگێکی چاکیان دەرکرد کە ئێستاکەش شەقلاوە دەورێکی وای بە خۆیەوە نەبینیوە لەو شانۆگەریانەی کە من بە بیرم مابن لە حەفتاکان نمایش کراون ئەوانیش. شانۆگەری (فالچی و دکتۆر) بوون. هەروەها دوای ڕاپەرینیش شانۆگەری ڕاپەرینی نووسی کە لە هۆلی سیاحی شەقلاوە لە سالی 1992 نمایش کرا. لە لایەن تیپی شانۆگەری شەقلاوە.
* ئەندامی دەستەی نووسرانی گۆڤاری مەم بوە.
* ئەندامی یەکێتی نووسەرانی ئەوسای کوردستان بوە
بە داخەوە کاکە مەلا تا لە ژیان دامابوو هیچ ئاواتێکی نەهاتەدی تەنانەت نەیتوانی دیوانێکیش بە چاپ بگەینێ هەمیشە خۆزگەی ئەوەی دەخواست کە ئەگەر دوای خۆشی بێت بەرهەمەکانی ڕوناکی ببنێت
خوێنەری بەرێز مەلا گچکە ماوەیەك بەر لە کۆچ کردنی کۆپلە شیعرێکی نووسی
وە سیەتی کرد ئەگەر مرد ئەم شیعرەی لە سەر کێلی قەبری بنووسرێت.
ئەم ئاواتەشمان لە گۆڕ هێنایەدی کە لە شیعرەکەدا دەلێ

گەلێ سزام دیت لە دونیای پڕ غەم
دەربەدەر,بەندی, و نەبونی وستەم
بەلأم زۆر مەرجە کۆلنەدان هەردەم
تا ئاواتەکەت دێنیتە بەرهەم

هەزار مخابن شەوی 1996/10/16 کات سێ‌ی‌شەو دلێ پڕ لە خۆزگەو ئاواتی شاعیر وەستا. لە سەر وەسیەتی خۆی لە گردی زەیتون لە شەقلاوە نێژرا. هەزاران سەلاو لە شاعیرو هونەرمەندی شارۆچکەکەم کاکە مەلای هەمیشە زیندوو.
سکالأی دەروونی نۆبەرەت با لە گۆڕا شادت بکات
دیار مەلاگچکە
2007

# هۆنراوەی ڕامیاری

## ڕازی کۆتر

ئەی کۆتری سپی مەلی ئاشتی خواز
دە هەڵسە بفرە
لە ئاسمانی شین دووری بێ ئەنداز
دەشت و چۆڵ ببڕە
گەشتێکی بۆ بکە لە کوردستانا
سەیرکە وولاْت
لە گوندو شارو ڕەزوو بێستانا
کە چی بە سەر هات
بە سەر دۆڵ و شێ و ڕووی ئەم شاخانە
لەم کەل بۆ ئەو کەل
ڕەش هەلگەڕاوەی وێنەی خمخانەی
بەچڕە دوو کەڵ
فڕۆکە و بۆمباو ناپاڵم وشەستیر
چەند جێی داڕزاند
زۆرەها کەسی لە جوان و لە پیر
لە خوێنا گەوزاند
ئەم ڕەنگە سورەی دەبریقێتەوە
لە نسارو هەرد
خوێنی شەهیدە وا ڕەق بۆتەوە
بەسەردارو بەرد
ئەم جۆگەلاْنەی دێنە خوار بەتاو
هەر وەکو لافاو
ڕووباری خوێنە چەند ساڵی تەواو
لە جیاتی بەفراو

ئەم مەزرایانەی بە دەستی بەدکار
کە دابێژراوە
لە هەر بستێکی لاشەی هەرزەکار
تێدا نێژراوە
بەڵام کۆڵنادەین تینوی سەربەستین
بۆیە بەتاوین
بۆ قوربانی دان گیان لە سەر دەستین
هەتاکو ماوین
بۆ داگیر کەران نایینە سەر چۆك
لاوو پیاو ژن
ئەبین بە مەرگ و دڕك و نارنجۆك
بۆ گیانی دوژمن
★★★★
باش سەرنج بدە لەو پێشمەرگانە
کە بێدەنگ کەوتون
سلاّوێ بکە لەو بە جەرگانە
بەچلێ زەیتوونە
موژدەیان بدێ کەوا نەمردوون
هەر لە یادمان ماون
هەتا هەتایە و هەمیشە زیندوون
وا لە پێش چاون
هاکا تاشیمان بۆ وێنە پەیکەر
دەنگ بداتەوە
مانای بەزینی هێزی داگیرکەر
لێك بداتەوە
حا شەقەی باڵت لە کوردستانا
ئاواز خۆشی کا
تا کۆرپەری ساوای باوەشی دایکان
خەوی خۆش بکا

تێبینی: له گۆڤاری هەولێری ساڵی هەفتایەکان بلاۆکراوەتەوە ............

**بۆ هەڵبجەی شەهید**

پێشکەشە/ بۆ گیانی پاکی (عومەر مام صالح) کە بە ماڵ و منداڵەوە لە کارەساتی جەرگ بڕی شاری هەڵبجە شەهید بوون

هۆ هەڵبجە ...

بووکی ڕازاوەی شارەزوور

نێرگز و بەیبوون و گوڵاڵەی سوور

خۆشەویستی سەرتاپای گەلی کوردی

هەر چەند پارچەی نزیك و دوور

هۆشارەکەی(ئەحمەد مووختار)

خێلی جافی ئازاو جەسوور

کانی عاشقان و باغی میر

بۆ کیژۆڵاَن و لاوو پیر

سەدای گۆرانی و ئاواز بوو

هەرێمەکەت

خاکی بە ڕوو دێمەکە

پەنگی خواردبوو لە بەر هەم

لە کشتوکاڵ و باخ و چەم

لە خێڵە ساتی پاشماوەی

وەلی دێوانە و خاتووشەم

بەلاَم ئەمڕۆ

داڵدەی خەرمانی غەمانە

دەردە, پەژارەیە وژانە

ئاهو ناڵین و گریانت

لە جێ هۆرەو سیاچەمانە !!

لە سەر ئەمەش

دوژمنی ناپاکی ڕوو ڕەش

لە مرۆڤایەتی بێبەش

بەرامبەری خۆشی و داهات

لە داخان کوێرای داهات

ویستی خۆشی و ئەڤین و ژیان

بێتە مەرگ و, خوێن و گریان

کەوتە پیلان و بەهانە

دژی ئەم شارۆچکە جوانە

ئەم گەلە بەبێ تاوانە

بە درۆ و دەلەسە و ستەم

لەم سەدەیە

کە پێی دەڵێن سەدەی بیستەم

کە پشکنینی ئاسمان و ئەستێرانە

مانگی دەست کرد, بە دەست و برد

لە هات و چوون و گەرانە

سەدەی خۆشی و زانستیە

بە گۆرکردن و ڕیشەکەنی

بیروڕای فاشیستیەیە

خەباتی سەختی تێکۆشان

بۆ بەرهەمی سۆسیالیستیەیە

ئا لەم چەرخە

بەو چەکەی زۆر کوشندەیە

کە لە جیهان قەدەغەیە

بە سەر ئەم شارەیان باراند

وەکو گەڵای وەرزی پاییز

هەزاران گیان و ڕۆحیان هەڵوەراند

بە چەند چرکەیەکی کەما

هەڵەبجە ئازیزەکەم

گیانلەبەرێکی لێ نەما !

دایك نەما بۆ کۆرپەکەی

لایە لایەی خەوی بۆ بچرێ

خوشك نەما بۆ براكەی

هەموو سەری لە قوڕبگرێ

پلك نەما بە كەس وكاری بڵێ

پوری خۆتان لە بەر مرێ

زاوا نەما لە شەقامەكەی بیاوێڵە

دەستی بووكی تازە بگرێ

برا نەما بۆ خوشكەكەی

خەنە و ملوانكەی بۆ بكرێ

لاوێك نەما لە سەیرانان

سەرچۆپی شایی بگرێ

كۆتر نەما لە شارۆچكە

بە سەر لاشەی بێ گیان بفڕی !!

ئەی كوان لە كوێن مافی مرۆ

بڕیارەكان و گفت و گۆ

نازانم كەی دێنە هانای

مردن و, هاوارو, ڕۆ ڕۆ

كە ئەم تاوانە بەدناوە

وەك كاولگەی هێرۆشیما

لە جیهان دەنگی دایەوە

لە جیاتی بەرگری كردن

لە كارەسات و لە مردن

گشت ڕێكخراوەكان تێكرا

****

هەتا فەرهاد بۆ شیرینی

سیامەند بۆ خەجی نازەنینی

مەمی و زینی جەزیری بۆتان

وەلی دێوانە

بۆشەمی تاكە ئەوینی

لە گۆڕیشا بەم هەواڵە

سوێکی وایان بۆتەوە

خۆشەویستی و دڵداریان

سەرتاپا لە بیرچووتەوە!!

★★★★

هۆ هەڵبجە

پێنووسی دەستم ناتوانێ

چی مەبەستمە تۆمار بکەم

ئاوێتەی خوێن و فرمێسك و

ئێش و ژان و دەمارێکە

وا بالیسان

بۆ ڕۆڵانی کەوتوی بێ گیان

بە دڵێکی بریندار و چاو بە گریان

سەر بردەی خۆی

بە حەیران یاد ئەکاتەوە

گەلی بازێ لە بادینان

لە ناخی دڵ و هەناوی

بە لاوکی ووشەی خوێناوی

وەڵامی ئەو ئەداتەوە

بە ئاشکرا هاوار دەکەن

بە کوردستانا جاڕ دەدەن

دەڵێن پێویستە بۆ تۆڵە

پەیمان بێت بەم خاك و خۆڵە

بەشەهیدانی بێگۆری

ئەم چەمانە و کە ژوو چۆڵە

هەموو لایەکمان شان بەشان

بەردەوام بین لە تێکۆشان

هەتا بە ئاواتمان دەگەین

دوا بڕیار بێت کەوا دەیدەین

نیشتمانمان لە داگیر کەر و ناحەزان

بە یەکجاری رزگار دەکەین

وا شاعیران

مەولەوی و نالی و موختار

گۆران و, قانیع و هەژار

لە گەڵ چەکداران دەست بە دەست

ڕێی تێکۆشانیان گرتە بەر

بۆ هەمان ئاوات و مەبەست!!

فەرهەنگۆك

کانی عاشقان: گەڕکێکە لە هەڵبجە

باغی میر: باغێکە لە هەڵەبجە سەیرانگای ئێوارانە

وەلی دێوانە: عاشقی شەمە, هەردووکیان جافن

هۆرە: جۆرە گۆرانیەکی شارەزووریە

سیاچەمانە: جۆرە گۆرنیەکی هەورەمانە

شاعیران: ئەحمەد موختار, گۆران, قانیع, مەولەوی, شاعیری هەڵبجە و شارەزوورن

...........................

## کاتێ خۆشەویستی ئەدوێ

لە گۆڤاری کاروان ژمارە(4) کانوونی دوومی ساڵی 1983بلاّوکراوەتەوە

خۆشەویستم

ئەستێرەکان

لە شەواندا ناجریوێنن!

شالوورەکان

مانیانگرتووە و ناخوێنن

پەپولەکان

ناتوانن یەکتر بدوێنن

لە بەر ئەوەی زۆر لە مێژە

لەم ماوە دوور و درێژە

بەبێ سۆراخ

یادێکی تۆم نەبینیوە

لە بیرەوەریتا

دڵەی پڕ ئاخ

بەر هەمێکی نەچنیوە

هیواو ئاواتی منی نەدیوە

ژیانی بێ کەسیو هەتیووم

لە هەستی و ناخ

بۆ شادی پێنە کەنیوە!

****

خۆشەویستم

وەك چۆن کێلگەی لێرەولەوێ

بارانی پەڵەی خۆش ئەوێ

کەو و سوسکەی شارۆچکەکەم

هەرگیز بەبێ کەس ناسرەوێ

کۆرپەی ساوای ناوبێشکەکەم

بەبێ لایلایە ناخەوێ

هەر بەم جۆرە

دڵەی پڕ زاموو ئێشەکەم

فەرامۆشی لێناکەوێ

****

خۆشەویستم

هەتا ئەمرم تۆ ئاواتمی

پەرسگاهی هەموو کاتمی

بیروڕاکەم نەگۆڕاوە

ناوت لە دڵەی زوخاوم

لە سەر دەروون و هەناوم

چەشنی مۆرێك هەڵکەندراوە

یاچۆن کۆرپەیفەرهادی خەم

حەز لە باوەشی شیرین ئەکا

هەورا سەر مەستی کاکە مەم

حەز لە مەی چاوی زین ئەکا

وەکو ئەوان دێوانەی شەم

حەز لە یادی ئەوین ئەکا

دەسا باوەر بکە هەردەم

منی شەیداش هەتاکو هەم

ژینم بە بونت بەستراوە

****

خۆشەویستم ...

نا حەزەکانمان دەتوانن

کە لە مێژە چاوەڕوانن

چەند درۆ و دەلەسە هەن

دژی نێوانمان ڕێکی خەن

دڕك و دالێکی بێ شوومار

زەردە واڵەو دوپشك و مار

یەکە یەکە بخەنە کار

ڕێگای ڕاستیمان لێ تێك دەن

بەڵام با باش ئاگادار بن

لەوەش زیاتر شێتو هاربن

ڕەگی قوڵێ دڵداریمان نابڕێتەوە

ووشەی سۆز و خۆشەویستی

لە ناو هەستمان ناسڕێتەوە!!

......................................

## وا دێم بۆ لات

پێشکەشە بە شاری ئازارو فرمێسك وخوێن

شاری قەنارەو سزادان و جوێن

شاری کەرکوکی خۆشەویست

کە هەردەم سەرشۆری نەویست

★★★★★★★★★★★

وا دێم بۆ لات

بۆ مەزاری

شەهیدانی ڕێگای وولآت

ئەوشەهیدە نەبەردانەی

گیانی خۆیان کردە خەلآت

لە کاتی پیلانی دوژمن

ژێر خاك نران بەبێ کفن

لە کەللەی سەری ئەوانا

دامەزرا سەنگەرو قەلآت

★★★★

وادێم بۆ لات

سەیری ئەم شوێنانە بکە

به گرێدەری تەخت کران

بچمە سەر گۆڕی ئەوان

نارەوا مل بەپەت کران

بۆ لای ئەم تێکۆشەرانەی

لە شەقامان لەت لەت کران

بۆ لای ئەو پیرو لاوانەی

زنجیر لە قاچ و دەست کران !

وا دێم بۆ لات

★★★

بۆ گاور باغی پڕ برین

بۆ شوێنی قوربانی و خەبات

گۆڕەپانی پان و بەرین

کە لە ناو جەرگەی ئەوێدا

کرێکاری لێ ڕاپەرین

پڕ بە دەم هاواریان ئەکرد

خاوەنی بیرو باوەڕین

دەست لە تێکۆشان هەڵناگرین

تاهەتایە هەر ڕائەپەرین

یان گشت مافمان وەدی دێنین

یان لەم پێناوەدا ئەمرین

★★★★

وادێم بۆ لات

لە سەرچاوەی کانی گڕدا

لە خزمەت بابە گوڕگوڕ دا

ڕووی نەماویم بشۆمەوە

بۆ تینوەتی گەڕووی دێمم

کە ساڵە هایە بۆی وێڵم

چەند مشتێکی لێ بخۆمەوە

تاپۆی دزراوی ئەسیرت

پاشماوەی باب و باپیرت

لە دەم نەهەنگ بدۆزمەوە

بۆ زاوای غەمبارو پەرۆش

بوکی سەردارو ڕەش پۆش

بە نەهێنی بگوازمەوە

****

وا دێم بۆ لات

لە ئاهی ڕۆڵە کوژراوان

لە ناڵینی کیژۆڵەکانی داماو

ڕەنگ زەردو ئەگریجە خاوان

لە هاواری ژێر سێدارەی

گیان دەرچوان بێ تاوان

بکەم بە شیعرو ئاڵاو گڕ

بۆ هێنانەدی ئاواتی

شارەکەی بابە گوڕ گوڕ!

****

وا دێم بۆ لات

دیاری دەستم

نە گەوهەرو, زێڕو دوری

چەپکە گولێك ڕازاوەی

چیای سەفینی خۆڕاگرە

ئەوسەفینەی

هەمیشە بۆ داگیر کەران

هێرش و ,مەرگ و ئاگرە

بۆ سەر گۆڕی,

شەهیدانی ئەم شارەیە

کە قیبلەگای گەلی کوردی

ماف خۆراو ئاوارەیە

****

وا دێم بۆ لات

ناگەرێمەوە بۆ دواوە

داخ لە دڵ و بە دکارەکان

هەموو خەیاڵێکیان خاوە

پشتم بە (پ,م) ئەستوورە

ئەو(پێ میمەی) بە بەردەوام

لە سەر مافی ڕەوای سوورە

بەرگەی گشت کارەسات ئەگرێ

بەبێ ترس ڕێگا دەبڕێ

بەرەوسەرکەوتن و ئاوات

تەکانی خۆی ئەداو ئەڕوات

****

وادێم بۆ لات

موژدەیەکی گەلێ خۆشم بۆ هێناوی

ئەوموژدەیەی

چەندان قوربانی دراوە لە پێناوی

ئەویش هێزی تێکرای گەلە

کەوا بەڵێنی پێداوی

دەست لە خەبات هەڵناگرێ

چەك لە شانی داناگرێ

تامافی زەوت کراوت

نەدرێتەوە بە تەواوی

تامافی زەوت کراوت

نەدرێتەوە بە تەواوی

......................................

**پێشکەشە بە چیای سەفین**

**لە رۆژنامەی برایەتی ژمارە 647: 11/18/ 1992 بلاوکراوەتەوە**

**چیای سەفین**

پیرە سەفین ...
هەروەکو چۆن داری بەڕوو
چیاکانی خۆشویستوە
ڕەگ و ڕیشەی لە زەویدا
کاریگە رانە ڕۆچووە
بە ژن و بالای بۆ ئاسمانا
هەروەکو ئالا هەڵچوە
مافی خۆمە ئەگەر بلێم
بەیەکەوە بڕبڕەی پشتمانی
تیشکی خۆری سەرفرازی و
بۆ سەو سەنگەری گشتمانی
زەردەخەنەی سەرلێوانی
کەسوکاری شەهیدانی

****

باش لە بیرمە
چی بەدکار و خوانە ناسن
چەندین هێرشیان بۆ هێناوی
بە تیزاب و ئاگر و ئاسن
بەڵام رۆڵەکانی چەك لە شان
بەیەك گرتن و شان بە شان
گشت پیلانی ناحەزانی
یەك لە دوای یەك هەڵوەشان
بۆیە مەحاڵە ببەزی
هەر ئەمینێ بە سەر بەرزی

هەر ئەمینێ بە سەر بەرزی

.............................................

## شەهیدان نامرن

پێشکەش بە بیست و دوو شەهیدی شارۆچکەکەم کە رێکەوتی 1987/11/14 لە دائیرەیئەمنی هەولێر گوللەباران کران لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ نێژران.

شەهیدان نەمرن

کاتێ شاخی سەفین گریا

فرمێسکی ئاڵی خۆی باراند

پەژارەو ماتەمینەکەی

بە چیای سۆرك ڕاگەیاند

بێترمە و,سەرگردو,تەم تەم

ڕەش هەڵگەراون بە هەورو تەم

ئەستێرەکانی ئاسمانیش

مانیان گرت و دەرنەکەوتن

بۆ پرسەی مەرگی شەهیدان

سەرتاپا لە جریوە کەوتن

کۆترەکانیش خەویان زڕا

مانگیش وەکو ڕووی هەژاران

هەڵبزرگاو زەرد هەڵگەڕا

بۆیە سروشت بڕیاری دا

لەم بەهارە گوڵ نەڕوێنن

چەم و باغ و کانیاوەکان

زیز بن و یەکتر نە دوێنن

پۆلی مەلان لە سەر چڵان

هیچ ئاوازی خۆش نەخوێنن

دەستەی لاوەکان و زەریان

چیاتی ئاهەنگ و سەیران

کۆڕ بگرن و بناڵێنن!

★★★★

هۆ شارەکەی سزادان

کوشتن و فرمێسك وبڕین

شارەکەی چەندان قوربانی و

هێرش و مەرگ و ڕاپەرین

ئەم هەموو بەسەر هاتانەت

بۆ ڕێگا خۆشکەری وا

کۆتایی دوژمن بەزین بێت

لە پێناوی مافی ڕەوا

**کۆتایی دوژمن بەزین بێت**

**لە پێناوی مافی ڕەوا!**

..........................................

**بانگەوازی ئازادی**

16گەلاوێژ 1958 شەقلاوە

**لە چواردەی تەموزی ساڵی پەنچا و هەشت**

**میللەت ڕاپەری لە چیاکان و لە دەشت**

**سەرباز, قوتابی, کاسب, کرێکار**

**هێرشیان بردە کۆشکی شای بەدکار**

**بە چاو قوچانێك گشت لە ناوبران**

**تەخت و تارا جیان لێ بوە وێران**

**زوو بە دەست وبرد کۆمار جاڕ درا**

**گەلی عێراقیمان گشت بون بە برا**

**گۆڕ بە گۆڕ کرا پەیمانی بەغدا**

**پیلانەکانیان هیچ دادی نەدا**

**بەندو گیراوان گشتیان ئازاد بوون**

**بەشوێن و ماڵ و,کەسوکار شاد بوون**

دروشمی ئاشتی کەوتە ناوناوان

دژیچەکو جەنگ کوشتن و تاوان

بەلاّم هێشتاکە زۆر زۆرمان ماوە

تاباش رزگار بین لەم بەندو باوە

..........................................

## گەڕان بە دوای هۆندراوێکی وونبوو

لە هۆنراوەیەك ئەگەرێم

بۆیە بە پەرۆش ئەچم و دێم

کە سۆراخێکی مەبەستم

لە ناخی دەروون و هەستم

نهێنەکان بدرکێنێ

****

ووشە ئاگرینەکان

بۆ چارەی برینەکانی

هەردەم خۆر هەڵقولابێ

بشێ تێنوتیم بشکێنێ

****

ئەشێ هۆنراوەی وا هەبێ

لە هەڕەشە ڕاهاتبێ

بێ سێ و دوو

دژی دوژمنانی بەد خوو

نەترس و خۆڕا گر بێ

****

له گەڵ ڕەو ڕەوەی مێژودا

هەرگیز نەچی بە روودا

پێشڕەوەی ڕێگای کاروانبێ

دڕك و ژیلەمۆ ئاگر بێ

****

دۆزیمەوە

له گیرفانی شەهیدێکی نیشتمان بوو

ئەوشەهیدە شۆڕشگێرەی

بۆ تێکۆشان چەك له شان بوو

له پێناو ماف وەرگرتن

بێترس له کوشتن و مردن

منیش هەر ئەوەندەم پێ کرا

دڵسوزانە وەکو برا

ووشەکانیم بێ کەم و زیاد

بە پێشمەرگەکان ڕاگەیاند !

.........................................

# هۆنراوەی دڵداری

## دارەکەی بەر ماڵی یارم

بەڵی بەڵی لە گەڵ تۆمە
دارەکەی بەر ماڵی یارم
هەرگیز لە یادم دەرناچیت

ئەی خۆشترین یادگارم
لە لای تۆ پێك ئەگەیشتین
لە گەڵ شۆخەکەی نازدارم
ئەکەوتمە ئەو پەری شادی
دەرمان ئەکرا ئێش و زارم
کاتێدا ئەهات نیوە شەو
ناحەزان چاویان ئەچووە خەو
بەو نهێنیەی لە نێومانا
بانگم ئەکردی وەکو کەو
باوەشمان بە یەکا ئەکرد
بە بێ ترس لە ئەم و ئەو
هەردەم لە بەختیاری دابووین
ئەکەوتیە ژیانێکی نوێ
وەك چۆن یەکێکی زۆر تینوو
دەمم ئەنا لە ناو دەمەت
لە سەر کوڵمەکەت لام ئەدا
ناو ناوە زولفاو پەرچەمت
تارێکە کەوێ لێوت بمژم
بنووسێنم بە سینە و مەمت
وام دەزانی لە بە هەشت دام
بەم  هەموو خۆشیەی بەرهەمت .................
نامەو شەماڵ
شەماڵ پۆستەی دڵ کولاَن
دۆستی دڵدار و بولبولان
فێنکی جەرگ و هەناوەکەم
هانام بە تۆیە چاوەکەم
ئەمانەتی تۆم ئەم نامە
بۆ جوانێکی نەو نەمانە
نامەی ئاشکرا و ناسراوە

ڕاوزێکی دڵ و دەروونە

ڕاسپاردەی بیرو هەستە

ناڵیینە سۆزو مەبەستە

بڵێ ولاّم چاوەڕوانە

بۆی بنێرە بەم زووانە

مەبەست خۆی بدرکێنی

گڕی دڵم دامرکێنێ

تێبینی: ساڵی 1965 کە پێشمەگە بووم لە گوندی لێوژە لە ناو دەشت ئەو کات مام هەژاری شاعێریش لەوێ بوو. سەرپەرشتی گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە و ڕۆژنامەی خەبات دەکرد ئەم شعرەم بۆ خوێندەوە زۆر لای خۆش بوو. فەرمووی شعری دڵداریم خۆش دەوێت چونکە تا هەتایە نەمرن و باویان دەمینێ .. بەلاّم شعری کۆمەلاّیەتی و سیاسی بەم شێوەیە نین.

...........................................

## گازندە لە زمانە

خۆشویستم
دیسان تەم و مژی گەردون
بە سامناکی دەگرمێنێ
تەزرە و ڕهێل و زریان
بارانی غەم دەبارێنێ
چەندان دڵداری تامەزرۆ
لە یەکتری دادە بڕێنێ
★★★
لای دڵ ڕەشان خۆشەوستی
ئەو پەڕی پەن و تاوانە
لە سەر چرپەیەکی بێ دەنگ
هەربگرە و بەردەو ڕاونانە
وەڵامی سکاڵا کردن
تێهەڵدان و ئێش و ژانە
★★★
بەڵام دوو دڵ مەبە گیانە
گەر کە لە شیریش نەخوێنی
خۆری خۆشەویستیەکەمان
هەر دەبێت سەری دەربێنێ
وەکو گەڵای وەرزی پایز
بە یەك گەیشتنی یەکجاری
لە ناخەوە خۆی بنوێنێ

....................................

## ڕۆژانی ڕابردوو

خۆشویستم ...

لە تەمەنی بەهاریتا

بکیلی دڵداریتا

دەرگای دڵم کراوەیە

بەم هۆیە هەموو دەردم

یا شەوانی تلاو تلم بڕایەوە

★★★

خۆشەویستم

هەر ئەو کاتە کەوتمە خۆشی

پڕ بە دڵ ژیانم نۆشی

کاتێ بە یەك گەیشتین

دەستەکانمان خستە ناو دەست

پەیمانێکی ئەوتۆمان بەست

بەبێ نەخشەی دروست کراو

تەنها بە داگرتنی چاو

مەبەست یەك تێ گەیشتین

.................................

## ڕاسپاردەی دڵ

ئەی دڵ بفڕە بە گورجی و بەتاو
هیچ پشوو نەدەی نەوەستی یەك تاو
بارێگات دوور بێ تینووتبێ و برسی
هەر بەر دەوام بە لە هیچ نەترسی
هەر چەند ناحەزان ڕێگات پێ بگرن
کۆڵ نەدەی دەبا لە داخان بمرن
چونکە لە دونیا بە کرۆکە زۆرن
بۆ ئەوەی نێوان دوو دڵ بگۆڕن
زۆر خۆشەویستیان لە یەك کردونە
تا بەم ئاواتە وداخە مردوونە
ڕێ هەڵەنەکەی بەملاو ئەولاوە
هەتا ئەگەیتە باغی شەقلاوە
ئەوسا هەڵنیشە بە خۆشی و شادی
لە خزمەت ئەوەی کە ڕامسپاردی
کە لە ناو جوانان ئەوسەر دەستەیە
خەونە,هۆزانە, ژیانە بەستەیە
خوای خۆشەویستی و عیشق و جوانیە
یادی جارانی بە بیربێتەوە
هەرچەند برینی پێ دەکولێتەوە
کاتێ لە نێوباغ بۆ بالآی کۆکی
چەند گولێ جوانم دا لە بە رۆکی
پێی ڕاگەێنە وەك جاران ماوم
لە بەلێنی خۆم هیچ نەگۆڕاوم
چونکە مۆرەکەی پەیمانمان دڵە
جیابونەوەمان تەنها ژێر گڵە
بەهاری 1962 هەولێر

.......................................

## دڵ لە لاتە

دڵ لە لاتە واتێ مەگە تۆم لە بیر چوبێتوە

چەند جارێ تۆم بێتەوە یاد برینم دەکۆڵێتەوە

کەلێشت دووربم دڵ هەر لە خزمەت دایە ئازیز

سێبەری ئاسایە, کە چۆن لە مرۆڤ جیا نابێتەوە

شەو و رۆژ لە دوریتا دڵەکەم ناڵەیەتی

ئاسودەم هەر ساتێکی دڵ بە تۆ شادبێتەوە

ناوی تۆ نووسراوە لە سەر ڕووی دڵە زامدارەکەم

خۆشەویستیت لە دەرونمە تاماوم ناسڕێتەوە

.............................................

## سکالاّی بولبولێك

من بولبولێ بوم, له هەر دوو گولزار

دلخۆش و بە ختیار, لام نەبوو ئازار

گەشت و سەیرانم لەم باڵ بۆ ئەو باڵ

کە پێی ئەکەوتمە ئەو پەری خەیاڵ

کاتێ دەندوك بۆ بنەوش دەبرد

وا هەستم دەکرد هۆشەکەم مەستە

خوناوەکەیم هەموو نۆش دەرکرد

دەم بە گۆرانی و ئاوازو و بەستە

بەوە هانی دام دەروونی دڵم

برۆم بۆ خزمەت بارەگای گوڵم

ئەوەندەم زانی لە لای هەڵنیشم

کاتی منی دیت هەر بە یەکجاری

کەوتە ئەو پەری خۆشی و بەختیاری

بە زووبانی حاڵ هاواری دەکرد

بە هاتنی ئەوغەمم باری کرد

**منیش لە خۆشیا زوو بە دەست وبرد**

**لە کانگای دڵم سووژدەیم بۆ برد**

**هەتاکو توانیم دەمم نالەدەم**

**تێرم هەڵقوراند لە ئاوی زم زم**

**لە لای هەردووکمان تامەکەی خۆشبوو**

**بە جووتە هۆشمان بێ مەی سەرخۆشبوو**

**پەیمانێکمان بەست تاوین لە ناوا**

**هەردەم جووتەببین ئەو بووك منی زاوا**

**بەڵام پەیمانمان زۆری نەخایاند**

**بولبولێکی تر منی تێگەیاند**

**کەوا زۆر کەسی وەك من لێ کردون**

**خۆشەویستی یەکەی تەفرە خواردنە**

**دڵداریەکەشی بۆ رابواردنە**

**پاشان هەلێکی وەهام بۆ رێك کەوت**

**کردوەکانیم زۆر چاو پێکەوت**

**بۆم ئاشکرا بوو کەچی گوت وایە**

**بۆ منی چۆن بوو. بۆ زۆریش وایە**

**جا بڕیارمدا کە یەکجاریە**

**شەرتە بێت وازبێنم لەم دڵداریە**

**بەهاری** 1965 **شەقلاوە**

.........................................

## یار

تاکە یاری خۆشەویستم

ڕەوینەوەی غەم و پەستیم

مەززەداری هۆش و مەستیم

هەوێنی باوەڕو هەستیم

گولاڵەی کێوان و دەشتی

دلگیر و پەری بە هەشتی

★★★★

رۆژی نەتبینم پەرۆشم

بەبێ مەی مەست و سەرخۆشم

لام نامینێ بیرو هۆشم

پرسەدارێکی ڕەشپۆشم

دووربم لەم دوو چاوەکاڵە

ژیانم دەردەو تفت و تاڵە

★★★★

سوێند بەو پەیمانەی پێت داوم

کە مزگێنت بۆ هێناوم

منیش بەلێن بێت تاماوم

گشت فەرمانت بە سەر چاوم

بوویتە نیاز مەستم

لە ناخی دڵ دەتپەرستم

سۆزوخۆشەویستی

........................................

## خۆشەویستم

ئامێزی تۆ قوتابخانە بوو
وانەی شیعری دڵداریم بون
گشت یادەکانی رابردوو
لە ناو شەپۆلی هەستمدا
لابەری ئێش و زاریم بون
****
بە بیرت دێت کەپێم گوتی
زەویەکی یەکجار تینوومە
ووشکولێکی پەك کەوتوومە
بۆ ماچی بارانی پەڵە
دەمەکەی خۆم کردۆتەوە
پەنا هەندەی باوەشی تۆم
لە ناوە راستی دەروونت
شوێنەکەی خۆم کردۆتەوە
****
خۆشەویستم
لە ناخەوە تۆم خۆش دەوێ
وەك دڵداری کە ژوکەوێ
وەکو نەخۆش بۆ دەرمانی
وەکو جوتیار بۆ خەرمانی
هەرکاتێ ببیە پەپوولە
وەکو منداڵ دوات دەکەوم
گەر بۆ ئاسمانیش باڵ بگری
خۆشەویستیەکەت پەیژەنە

بۆ خزمەتت سەر ئەکەوم

تا لە باوەشت نەسرەوم

تا لە باوەش نەسرەوم

..........................................

## ژووان

خۆشەویستم ...

بۆچ نازانی کە مێشەنگوین

لە وەرزی بەهار و هاوین

هەموو رەنج وماندوبوونی

تێکۆشان و هاتووچوونی

بۆ مژینی شیلەی گوڵە

★★★★

ئەو مەلەی کە دەنگی خۆشە
بۆ مەبەستی چەند بە جۆشە
گەڕان و هەڵفەرینەکەی
بۆ دەرمانی برینەکەی
عەشقی بەرزای سەرچڵە

★★★★★

پە پوولەی نازدار و نەخشین
لە زەردوو, سوورو, سپیوشین
متوی روناکی و ئاگرە
لەم شوێنەدا ئۆقرە گرە
لە لای خۆشترین مەنزلە

★★★★

کیژۆلەی نەشمیلی لادێ
کە بە لەنجەو لار ئەڕواو دێ
بۆ دوو چاوە جوانەکانی
هەر بۆ ڕێگای بیری و کانی
بە ئاواتی هەندێ کلە

★★★★

منیش ئەوەی بێ لە دەستم
بۆ هینانەوەی مەبەستم
بۆتە هەوێنی هەستم
تەنها هەر ئەوم بە دڵە !

.................................

## دوو بیرخستەوە بۆ خۆشەویستەکەم

خۆشەویستم ...

بەبیرت دێت کەوا کاتی

شەوانی تاریك ڕائەکشا

تاوی دڵداری پرسۆزم

بۆ باوەشی نەرمت ئەخشا

ئۆقرەم ئەگرت لە لای تۆدا

سوژدەم ئەبرد

بۆ پەیکەری باڵای تۆدا

بەو چرپەی ئەتدا بە گوێما

پەژارەت ئەڕەواندەوە

تا دەروونم کلپە نەگرێ

لە سەرچاوەکانی قورگت

تێر تێر ئاوم ئەخواردەوە

★★★★

خۆشەویستم

بە بیرت دێ کە ئەتفەرموو

تۆ کلیلی ڕازو دەرگای دڵێ منی

خونچە گوڵم, تەنها تۆ بولبولی منی

هەروا ئەتگوت تۆ فەرهادی و من شیرینم

وەیا مەمی منیش زینم

لە ئەستێرە و شاخەکانا

لە خشپەی گەلای وەریوی

چەموو رەزو باغەکانا

لە پرسیاری

دەرون و هەناوەکانمان

لە وەڵامی داگرتنی چاوەکانمان

ئەپاراینەوەو ئەمان گوت

هەموو گیانمان داڕزاوە

جووتە لێوی بێ گوناهمان

بە جارێ هلکڕوزاوە

دەبا ئاواتمان بێتەدی

تا ببین بە بووك و زاوا

تاببین بە بووك و زازا

...............................................

## هۆنراوەی کۆمەڵایەتی

دەستیان لێ وەشاندوە

وا ئەگێڕنەوە جارێك

له شوێنی هەرزەکارێك
ئاگاو هۆشی نەماوبوو
دەینالاَند بە ئازارێك
★★★★
خەو خۆراکی نەبوو
لە هیچ شت باکی نەبوو
زۆر جار دەبورایەوە
دەردی وا تاکی نەبوو
★★★★
کاتێ خەوتن لە ژێر نوێن
تورە دەبوو دەم لە جوێن
یان پێکەنین و گریان
یا قسەی بێ سەرو شوێن
★★★★
خزم و کەس و باوکی پیر
زۆر عاجز بوون و دلگیر
بریارێکی وایان دا
بیبەن بۆ لای شێخی ژیر
★★★★
دەست و بردی خۆیان کرد
خێرا سواری کەریان کرد
لە گەل کاوڕێکی قەڵەو
بۆ خزمەی شێخیان برد
دایان گرت بە دەست و برد
لە ئۆدەی تایبەتی شێخ
بە باشی درێژیان کرد
★★★★
گوتیان یا شێخ مەولانا
گەڕاین دکتۆر و زانا

هیچ سودێکمان لێ نەدین
لە دەرمانی ئەوا نە
★★★★
نووشتەی زۆرمان بۆ بڕی
بۆ خێر گامان سەر بڕی
لەوەش هیچمان پێ نەبڕا
هەروا ماوە بە شڕی
★★★★
شێخیش لە نەخۆش ڕاما
سەرێکی باداو داما
فەرمووی لێتان مەعلووم بێ
دەرمانی وا لە لاما
★★★★★
گوتی ئەمشەو ئەیدوێنم
دوعای بە سەر دەخوێنم
هەر چیەکم کردووە
ناویانی لێ دەستێنم
★★★★
ئەوسا بەبێ زیاد و کەم
نوشیتەکی وای بۆ دەکەم
سێ چوار ڕۆژ نە خایەنێ
لە غەم ڕزگارتان دەکەم
زۆری وام چاك کردوە
هیمەتی خۆم نواندوە
زۆر باش لەلام عەیانە
دەستیان لێ وەشاندوە
★★★★★
کاتی دەمەو بەیان
بۆ کوڕە چوە مەیدان

کەوتە لێدانێکی وا
هەموو گیانی تێك شکاند
★★★★
گوتی ناوم دەویٚ لێت
کیٚ تۆی کردوە شەیداو شێت
ئەگەر دان  پێدا نەبیٚ
هەرگیز واز ناهێنم لێت
★★★★
کورە وەکو رابردوو
بۆ گوتەی سەیر دەچوو
شتی وای بە دەم دەهات
لە دونیا ناوی نەبوو
★★★★
شێخ هەناسەی هەڵێنا
قەڵەمەکەی دەرهێنا
دەستی بە نووسینێك کرد
گوتی باش بوو پێت لێنا
★★★★
تاکو ئەم کارەی چاك کرد
بەیان دونیای رووناك کرد
تەشریفی بۆ مزگەوت برد
نوێژی بە جەماعەت کرد
★★★★
کاتیٚ لە نوێژ بوونەوە
کە سوو کار کۆ بوونەوە
چاوەریٚ دەمی شێخن
بۆ مژدەی چاك بوونەوە
★★★★
شێخ خۆی کەمێك بیٚ دەنگ کرد

دەستێکی بۆ ڕیشی برد

فەرمووی خۆم زۆر ماندو کرد

بیبەنەوە چاکم کرد

٭٭٭٭

کوڕەکەیان بۆ ماڵ برد

لێدان زۆر کاری لێ کرد

سێ چوار رۆژێکی نەبرد

بە تێهەڵدانی شێخ مرد

................................

## دەمەتەقێ ی نێوان هەژار و دینار

هەژار:

گازەندەم زۆر لە تۆیە

پیشەت کە ڵەکە و درۆیە

وەك نیسك بێ پشت و باری

خەتات زۆرە تاوانباری

گەڵێك دژی ژیانی منی

دوژمنی گیرفانی منی

جارێك هەواڵم ناپرسی

پڕ بە دڵ لە من وەڕسی

باشتر وایە بارێك کەوین

تا لەمەبەستمان  سەرکەوین

★★★★

**دینار**

**من و تو کوجا مەرهەبا**

**مەحاڵە یەکبون و تەبا**

**بە بایەکی نابپووت و لات**

**زۆرم لاشەرمە بێمە لات**

**دیار بم لەناوم دەبەی**

**بە نەوس وپیلاۆم دەدەی**

**بونی من بۆیەکی خاسە**

**هەڵمگری لە ناو قاسە**

**ئەوانەی قەد قەد دەمبەستن**

**هەروەکو بت دەمپەرەستن**

**کە ئەمبینن ئەژێنەوە**

**وەکو گوڵ دەگەشێنەوە**

**کاتێ لە لام تێ دەپەڕن**

**لە خۆشیانا هەڵدەپەڕن**

**تەنها ئەوانەم خۆش دەوێت**

**دەبمە دڵسۆز و خەم ڕەوێن!**

## دەرە بەگ

دەرەبەگم هەتا دەمرم

بە ئارەزوو دونیا دەگرم

دەکوژم, دەسوتێم دەبرم

سورانە و بەرتیل وەر دەگرم

دەرە بەگم هەتا دەمرم

****

ئەم زەویە دێم و بە راوە

لە ئەزەل خوا بە منی داوە

لە باو بابیرم جێ ماوە

چۆن بمەوێ وای لێ دەخوازم

دەرە بەگم هەتا دەمرم

****

ڕا دەگرم سەپان و جوتیار

دەیان خەمە سەر ئێش و کار

وەکو جۆن و, گێرەو بژار

کێ نەیکا وورگی هەلدەدرم

دەرە بەگم هەتا دەمرم

****

کۆشك و تەلاریان پێ دەکەم

هەروەکو کەر باریان دەکەم

ناڕازی بن دەریان دەکەم

لەم بارەیە ڕایان دەگرم

دەرە بەگم هەتا دەمرم

★★★★

تێریان ناکەم لە نان و دۆ

ڕوت و ڕەجاڵ و ڕەنجەرۆ

دەم لێکدەن بڵێن هەشت و نۆ

سەد دبیانویان پێ دەگرم

دەرە بەگم هەتا دەمرم

★★★★

پاش کوێرەوەری و خەرمان

کاتێ هاتە بەرهەم خەرمان

هیچیان نادرێتێ بۆ دەرمان

وەهای کردەوەو دەورم

دەرەبە گم هەتا دەمرم

★★★★

کاتێ گوتیان نەخۆش کەوتووین

لە مردنین بێهۆش کەوتووین

لە خزمەتکاری تۆش کەو تووین

نان و جۆیە کەشیان دەبڕم

دەرەبەگم هەتا دەمرم

سەرەتای سالی 1957

................................

## بالۆرەی کیژە کوردێك

هەر چەند ئەمرۆ
پرئێش و ئازارو دەردەم
لە نێوان چوار دیواردا
بەیاسای نارەوا بەندم
گوتەشم لێ قەدەغەیە
کت و مەت وەك دار و بەردم
بەلاَم رۆژێکی ئەوتۆدێ
لەشارەکان و لە ناو دێ
ئەم رۆژانەی وەکو شەون
سەرتاپا دەبێتە خەون
تێکوشەرانی رێگای ڕاست
لە مەبەستیان سەر دەکەون
بەختەوەری دێتە کایە
لێ ئەدرێت بیروڕای کەون
★★★★
هەر چەند ئەمڕۆ
بە هەڕەشە مارە بکرێم
بۆ سوودی براو کەسوکار
بەبۆزە پیاوێ بدرێم
بە ئاشکرا بێبەش بکرێم
بەلاَم رۆژێکی ئەوتۆدی
دەرگای دیلیم لێ داناخرێ
لە گەلّ پیاوان شان بە شان
هەموو مافێکم پێ دەدرێ
هیچ تواناو هێزێك نامینێ
رێگای سەربەستم لێ بگرێ
★★★★

هەر چەند ئەمرۆ
عەیبە لە مەکتەب بخوێنیت
لە گەڵ قوتابیانی برام
هەڵسین و یەکتر بدوێنین
بە جل و بەرگی ڕازاوەو
ئارایش خۆمان بنوێنین
★★★★
بەڵام رۆژێکی ئەوتۆدێ
گشت چارەسەرێکمان دەکرێ
لە سەرانسەری نیشتمان
ئازادیمان بۆ جار دەدرێ
رزگار ئەبێت لە کۆت و بەند
دەبێت بە نووسەرو کارمەند
دەگرینە دەست پێنووس مەشخەڵ
بۆ سود بەخشی وڵات و گەل
.........................................

## هۆرەی دوێنێ و ئەمرۆی

لالۆ جوتیار

خورماڵ 1957 به بۆنەی دابەش کردنی زەوی و زار له لایەن رژیمی پاشایەتی, له پرۆژەی شارەزوور که ئەوکات شاعیر لەوێ (مەئمور حقل) بووم له هەمان پرۆژه ئەم شعرەی بەو بۆنەیەوه نووسیوه.

لالۆ جوتیار
هەتا دوێنێ
رەنج به خەسار و نۆ کەربوم
هەر رۆژەی له ئاوایێ
بۆ ژەمێ نان دەر به دەربووم
چەندان ساڵه ئا بەم حاڵه
بێ سیپال و بێ ناوماڵ بووم
هەردەم نەخۆش و چەوساوەو
پایەتی و رووت و ڕەجاڵ بووم
هەروەکو مەلی بەسەزمان
خۆراکی سیخور و داڵ بووم
٭٭٭
بەڵام ئەمرۆ
خاوەن ئاو و زەوی و زارم
وه گازەرد و گا بۆرەکەم
وەدەم گۆرانی و هۆرەکەم
ئەکێلم کێلگه و به یارم
خوا نەیوڕێ تا بڵێی بەس
خەلەو تفاقمان فره هەس
هەر زاڵەکەمان پر بووگه
وەبرنج و ماشه جەرج و له ساوارم
وەگیان سەیدی هانه سووره
که قەورەکەی غەرقی نووره
وا لەوپەری گوزەرانم
نەماباوی کوێخا فره بەد فەرەکه
ئاغاکەی دەمانچه وه قەد

منەتیان وە هیچ نازانم

**فەرهەنگۆك**

نکولی: دەردەسەری

دال: کۆلارە

سیپال: جل و بەرگ

هانە سوورە: گوندێکە لە نزیك هەڵبجە نزرگای پیاو چاکێکە

هەرزالە: ئەستەڕك

.............................

## تەشیەکەی شیرین

پێشکەش بە برای شاعیر ( ! )کە بەم ناونیشانەی سەرەوەسالی 1974 شعرێکیلە یەکێك لە گۆڤارەکان, بلاّوکردبووە مەبەستی لەم شعرە ئەوە بووە کە ئافرەتیکورد دوا کەوتوو ساوێلکەیە .. تەنها کاری تەشیڕستن دەزانێ. بۆیە منیش بەم شعرە ولاّمی دەدەمەوە لە گەڵ رێزم .

تەشیەکەی شیرین

هەڤاڵەکەم

هۆنراوەکەتم خوێندەوە

ووشەکانیم یەکە یەکە شێ کردەوە

ڕاست دەکەی تۆ , لەم جیهانە

سالى ئازادى ژنانه

ئەو ژنانەی
وەکو کەوی ناو قەفەزن
له ژیانی خۆیان وەڕسن
وەك ئاژەڵ له قەڵەم دەدرێن
هەر بڵێن لەل تێ هەڵ دەدرێن
وه بۆ سەر تەشیەکەی شیرین
هێرشێکی وات بردوه
کەشایانی ئەوە نیە
بەم شێوه ناوت بردوه
چونکه لای من تەشی ئەوان
ڕانك و چۆغەل و کلاّوه
کەوا بەرگی پیرو لاوه
مەوجه قالیه بەرماڵه
شتی پێویستی ناو ماڵه
چەندان شتیشی پێ دەکرێ
نانێکی پێ پەیدا دەکرێ
هەر چەند شیرین و خوشکەکانی
گەلێ ساوێلکه و هەژارن
دواکەوتوو نەخوێندەوارن
له سەر ئەمەش
شەو ڕۆژ له هەولدانن
مانای پشوو هەر نازانن
به زۆری له سەر ئەوانه
ئەرکی ناو ماڵ
سەرەڕای پەروەردەی منالّ
له گەڵ پیاوان شان به شانن
له ڕەنج دان و تێ کۆشانن
هەر تەڕه کاره ئاو ئەدەن

گێرە دەکەن، گا تاو دەدەن

لە پاچە کۆلە و بژارن

خۆ ئیشی هەرە سووکیان

لە ژێر کۆڵێ بارەدارن

زۆر زیاتر لەم کردەوانە

ئەرکی سەر شانی ئەوانە

هەڤاڵەکەم

هۆنراوەکەتم خوێندەوە

ووشەکانیم یەکە یەکە شێ کردەوە

بە دیم نەکر کە بفەرمووی

کەی ڕەوایە:

ڕاستی لە ئافرەت بپۆشرێ

هەر وەکو کەرەستەی بازار

بکرێت و بفرۆشرێ

کەی ڕەوایە

ژن بە ژنی هەر بمێنێ

بە چەندەها

ماڵی زاوا و بوك بڕمێنێ

کەی ڕەوایە

بە هەڕەشە و لێدان و جوێن

پێشکەش بکرێ بە دوژمنی

لە جیاتی خوێن

ئەی نازانی

خۆشەویستی خوێن ڕەشتنە

شەڕە خەنجەر و کوشتنە

ئایا ئەوان گوناهبارن

وەیا هۆی تەشی ئەوانە

کە نەزان و دەردە دارن

لە سەر ئەمەش خوشکەکانی

خوشکە شیرینی تەشی ڕێس

کردەوەی وایان کردوە

کەوا ناویان دەرکردوە

ئێستاش ناویان،

لە سەر زاری دانیشتوانە

کە حەپسەخانی نەقیب

قەدەم خێرو

خانزاد خاتونی سۆرانە!

........................................

## دەمە تەقێی نێوان کوڕی ئاغا و جوتیار

کوڕی ئاغا:

باوکم ئاغایە لەم گوندە

زۆر ئازاو بە دەست و بردە

خاوەن پارە و زەوی و ئاوین

پەروەردەی گۆشت و پلاوین

خانوومان کۆشکی قەشەنگە

چەکمان خەنجەرەو تفەنگە

هەژار لە بەرمان هەڵدەستن

چەماوەو دەست لە سەر دەستن

بە ئازادی ڕادە بوێرین

بە هەموو کەسێك دەوێرین

***

کوری جوتیار

منیش باوکم باش دیارە

که زەحمەتکێشە و جوتیارە
قۆڵەکەی پۆلاو ئاسنە
چەکی داسوک و گاسنە
بە ئارەقەی نێو چەوانی
وەدی دێنێ ژیان و نانی
گەر هێز و بازووی ئەو نەبێ
قات و قڕی پەیدا دەبێ
کێ چەوساوەو زۆر هەژارە
بۆ ئەو براو کەس و کارە
بەدکاران زۆر باش دەناسین
رۆژێك دێت هەڵیان دەواسین .........................
گوفت و گۆ لە نێوان کرێکارو جوتیار
جوتیار :
برای بەرێزم کرێکار
ئەی چەوساوەی دەستی بەدکار
ئێوەن لە شکری بێکاران
دەربەدەری کوچە و شاران
خوێنی خۆتان:
بە خاوەن کارگان دەفرۆشن
بۆ پاداشتی ئەم کارەیە
دەردو مەینەتی دەنۆشن
هەر برسی و ڕووت و ڕەجاڵن
لە ژیانێکی تفت و تاڵن
قەدەغەیە ئەگەر بڵێم
بۆچ ژیانم پێشێل دەکەن
لە ئاست مافم خۆ گێل دەکەن
گشت ئەم ووشانە تاوانە
هەربگرە و بەردەو ڕاونانە
کرێکار:

برای ڕاستیم
ئەی هاوبەشی خۆشی و پەرستیم
تۆش وەك منی
گیرۆدەی دەستی دوژمنی
بە سەرماو تۆفان و ڕەشەبا
خاك شەق دەكەی بە كەروگا
كاتێ بەرهەم ئامادە بوو
سەركاری ئاغا دێ و دەیبا
ئەم برنج و گەنم و جۆیە
بەرهەرمیمە چەكی تۆیە
تۆش بێ جێگاو نان و بەرگی
ژیانت بۆتە كوولە مەرگی
بەڵام موژدە لە تۆ لە من
گشت لایەكمان پیاو ژن
ڕادەوەستین دژی زۆردار
بۆدوا رۆژێكی گەشەدار
ڕەگ و ڕیشەیان دەر دێنین
تا ئازادی وەدی دێنین!

..............................

## هۆنراوەی هەمەچەشن

## پەخشان

دیاری بۆ گۆڤاری کاروان

لە گۆڤاری کاروان ژمارە 17 بلاّوکراوەتەوە 1983

له گەڵ قاسپە قاسپی کەوی

نازدار گەردن بە خاڵ

له گەڵ ئاوازی شالووری

بۆ تاقە گووڵێ عەوداڵ

له گەڵ حەیرانی ڕێبوار و

شوانەکانی دەم بە شمشاڵ

له گەڵ هاژەی گۆبەرۆکی

کیژی کۆچەری بن رەشماڵ

له گەڵ داری شۆرەبی و گوێز

کە سەما دەکەن بۆ شەماڵ

له گەڵ بریقەی بەفرەکان

کەوا جێماوە لە دەم باڵ

له گەڵ لە نجەی نازدارانی

کە لەکانی دەچنەوە ماڵ

له گەڵ جوانانی بێ گەردی

ڕووت خڕو چاو مەست و کاڵ

له گەڵ گوڵی گەش و بۆن خۆش

له زەردو, سوورو, مۆر و ئاڵ

له ناخی هەست و بیرو ڕام

ئەم هەموو شوێنانە گەڕام

بیکەم بە دیاریەکی جوان

پێش کەشی گۆڤاری کاروان. ....................

# سێ شت

ئەم شیعرە نە دڵداریە وە نە کۆمەڵایەتیە

تاڕادەیەك شێوەیەکی فۆلکلۆری لێ بەدی دەکرێت داڕشتنەکەشی شێوەیەکی شێوەیەکی هونەری پێوە دیارە.

سێ شت

سێ شت عەشقی گڵ هەڵکەنن

کەروێشك و جرج و مشکە

سێ شت گەڵێ ژەهراوینە

زەردەواڵە و مارو دوو پشکە

سێ میکرۆب لە پرچی سەر هەن

تۆشکەیەو , مۆریان و, ڕشکە

سێ خواردن لە گوندان باوە

نیسکێنەو, ساوارو, کەشکە

سێ شت کاتی خۆی بۆ ئاو بوو

ڕاویەو کووندەو مەشکە

سێ شت کای پێ دەگوازنەوە

خەرارەو, تێڕوو, ڕەشکە

سێ جۆرە مەل ئێستا زۆرن

پەرەسێلکەو, کۆترو, کێشکە

سێ شت بۆ نووستنی منداڵە

لە یلووك و, جۆللانەو, پێشکە

سێ جۆرە خواردن کەم سودە

نوقڵ و, دولڈرمەو, برێشکە

...................................................

## بۆ جوانێکی کۆچەر

بە بۆنەی قەدەغەکردنی خاوەن ئاژەڵدارەکان بۆ چونە کوێستانەکانتان

لە لایەن رژێمیبەعس, کە چەکدارەکانی

ئەم رێگایانەیان کۆنتۆڵ کردبوو, هەر کەسێك چووبایە

گەڕانەوەی بۆ نەبوو دەکوژرا.

بۆ جوانێکی کۆچەر

ئازیزەکەم دەلێم مەڕۆ

گەڵێ نالە بارە دونیا

هەرێمیش زۆر ترسناکە

مەمێنە لە چۆل و چیا

دەورت بە دوژمن تەنراوە

رزگاریت مەحالە تیا

کۆچ و کۆچبارت داگرە

لای منی غەمبار و تەنیا

رێگا دوورە و شەوە زەنگە

کات بە سەر چووە و درەنگە

ئاقار خامۆش و بێدەنگە

لە زۆر لا تەقەی تفەنگە

پر هەست و توانا و هێزم

بۆ تۆی نازدار و بەرێزم

دڵ دەکەمە مەنزڵگاهت

لە ناخەوە دەتپارێزم

****

داخەکەی گرانم بۆ تۆ

وا داماووم دەستەو ئەژنۆ

لە بەر ئەوەی کوێستانەکان

بە بێ هۆبەو بێ دەوارن

شەنگە بێری و کابانی ماڵ

بە بێ ماست و دۆی بەهارن

دووری لە قەب قەبەی کەو و

ئاوازی بە سۆزی شالوورە

دوور لە مێرگو گوڵزاری

گولاڵە و شلێر و چنوور

دووری لە تاڤگە و ڕوباران و

کانیاوی سافی وەك بلوور

***

نازدارەکەم ئەو دار بەڕوەی

که جۆلانەت لێ هەلدەخست
ئەو مێرگە گیا ڕازاوەیەیە
خوری و مەرە زەت لێ دەڕست
ئەو سیبّەرە خۆش و فێنکە
کە کۆڵ و بارت لێ دەخست
ئەو کوڕە لاوە شوانکارەی
لە قولاّی دلّ دتپەرست
ئەو ناوچەیە زۆر دلگیرە
کەمتوی ببووی بست بە بست
لە خۆشیانا باسی ناکرێ و
زمان لە دەمیدا لاڵە
ئێستا مەڵبەندی دڕندەو
کونە بە بۆو قەل و داڵە!
ئازیزەکەم
ئەی بۆچ نازانی وارەکان
جێگا و شوێنی دەوارەکان
کێلگە و چەم و دەراوەکان
لە داخانا کەس ناناسن
جوانانی ناو ئەم هەردانە
بالاّ ڕێك و بێگەردانە
پیشەیان دەست لێك بەردانە
دلّ ڕەقن وەك پۆلا و ئاسن
***
دلّدارەکانیش زۆر پەستن
کاتێ بەیانیان هەڵدەستن
لە چەقی ڕێدا دەوەستن
چاوەڕوانی تیشکی خۆرو
هەندێ چرپە و دەنگ و باسن
***

بەڵام گیانە ڕۆژی دادێ

لە کێڵگەکان و شارو دێ

ڕۆڵەکانمان بۆ دوا مەبەست

بەیەك دڵ و دەست لە ناو دەست

دوژمنانمان دا دەپلۆسن

دارستانێکمان بۆ دەنووسن

ئەو ساکە زۆر بە دڵخۆشی

من و تۆ یەك دەگرینەوە

بە سەرهاتی ڕابردوومان

بۆ یەکتر دەگێڕێنەوە

بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن

با هەر بژی پێشمەرگەی کورد

کە ئێمەیان لە دوژمنان

رزگار کرد .........................

## زەنگی گەروت

پێشکەشە: بە گۆرانیبێژی دەنگ خۆش خاتوو(عایشە شان)

زەنگی گەرووت

ئاوازێکی زۆر بە سۆزی

ئاشکرا و ڕاست و ڕەوانە

ڕازی هەستی ڕۆڵەکانی

ناوچەی شەمزین و هەکاری

شاری دیار بەکر و وانە

***

چەپکە گوڵێکی ڕازاوەی

سەر گۆڕی شەهیدانی

ڕۆڵەی کوردی شۆرشفانە

***

هاوارێکی ترسناکە

له سەرانسەری ئەم خاکە
دژی زۆرداری و تاوانە
بیروڕایەکی پیرۆزە
ئاواتێکی گەل و هۆزە
پێشەنگی ڕێگای کاروانە
موژدەی تیشکی خۆر هەڵاتە
بۆ سوود بەخشی ئەم وولاٌتە
دروشمان فراوانە
زەنگی گەرووت
سرودێکی ڕاپەڕینە
لەم نیشتمانە بەرینە
بۆسەرکەوتن بەم زوانە

## کاتێ ویژدان دەدوێ

پێشکەشە بەو کەسانەی
مەبەستیان گیرفان و وورگە
کارو کرداریان وەك گورگە
کێلگەکانمان بۆ ماچی بارانی پەڵە
سەرتاپا ووشك هەڵگە ڕاوون
زۆربەی ئاواتی چەند ساڵە
بە چەقۆی کوڵ سەر بڕاوون
نان و ژیان و خۆشەویستی
لەم وەرزە لە یەك دابڕاوون
دەرگای خۆشی و بە ختەوەری
بە هەورو تەم داپۆشراوون
با بسووتێن لەم چەرخەدا
لە دۆزەخی ئاگرو گڕا

با بچێژین دەردەسەری
لە دەروازەی ڤات وڤڕا
ئەم ئاوازەی هاتە کایەو
لە کۆگای نەیاران کرا
نۆتەکەی ناتە واوەو
دۆڵ دڕاوەو تەقەی بڕا
ئەی نازانن
کاتێ هەڵدەکا ڕەشەبا
کۆسپ و تەگەرە لادەبا
کردەوە ناڕەوا کانتان
سەرتاپا ئاشکرا دەکا
ئەوسا بڕیاری درۆتان
بە هیچ جۆرێ دادتان نادا
گەورەو منالْ ڕاوتان دەنێن
بە چەپڵە ڕێزان و هۆیها
نە ئاسمان هەڵتان دەکێشێ
نە زەوی قوتتان دەدا
تەنها هەر بەوە ڕادەگەن
کلاوتان بگرن با نەیبا
تەنها هەر بەوە ڕادەگەن
کلاوتان بگرن با نەیبا

..........................................

**به بۆنەی کۆچ کردنی گۆرانیبێژی بە ناو بانگ و دەنگ زوڵاڵ(ئەیاز)ی جوانە مەرگ**

لە کاتێکا بە کووت و پڕ
هەواڵێکی دڵ تەزێن و
گەڵێ دژوار و جەرگ بڕ
لە شاری دێرینی زاخۆ
داماو دەستە و ئەژنۆ
بۆیەکێ لە هەڤاڵەکانیان
بە ناو بانگ و پرشنگداریان
کە چارە نووسەکەی وابوو
لە ئاسمانی کوردستانا
چریوە کەوتوو ئاوابو
٭٭٭
ئەویش ئەیازی دەنگ خۆشبوو
خاوەن ڕاز و بیرو هۆشبوو
دۆستی گوڵ و کەو و شاخ بوو
بە پەرستی و داماوی ئەوان
هەردەم بەشی ئاخ و داخ بوو
لە پێناوی هونەرەکەی
کۆڵنەدەرێکی بە جۆش بوو
بۆیە لە خاکی نیشتمان

زۆرترین کەس بۆی پەرۆش بوو

★★★

هۆ ئەیاز گیان

جوانە مەرگی کەم تەمەن و

بێبەش لە ژیان

گوڵێ لە بەهار بێبەری

لە ناز دارانی وەك پەری

بۆچی وا زوو بە جێت هێشتین

بە چاو قوچانێك هەڵوەری

★★★

بۆ هەست و ووشەی پیرۆزت

بۆ ئاوازی زۆر ڕەسەن و

جوان و دلگیر و بە سۆزت

ئاواتیان داگیرا بە تەم

لە دەرونیان چەکەرەی کرد

چەندان دەردو کەسەرو خەم

★★★

لە ناو دڵی هونەر دۆستان

لە گەرمێنی هەتا کوێستان

ناوی تۆی لێ هەڵکەندراوە

بۆیە یادت هەر زیندوە

تا چیاو, لاوژ و, گۆڤەند ماوە

ئاوازت وەك هیموگلۆبین

لە گەڵ خوێنیان تێکەڵاوە

.......................................................

# گەر بۆم بکرێ

لەم نیشتمانە زوو بە زوو
بۆ بەرەیەکی یەك گرتو و
لەم مەبەستە زۆر پیرۆز
مەحاڵە لابدەم بە موو
تا ئەگەینە ئەو ئاواتەی
رزگار دەبین و سەرکەوتوو!
***
گەر بۆم بکرێ
خۆمم ئەکرد بە رژێمێ
دوور لە سزادان و ترسی
نان و پێخور و جل و بەرگ
بۆ کەسانی ڕووت و برسی
ڕیشەکەن ببا بێکاری
نە چەوسانەوە و بێکاری
***
گەر بۆم بکرێ
دەبوم بە دەزگای چاپخانە
گشت ئەو بەرهەمانەی کەوا
پشت گوێ خران بە ناڕەوا
کە بەند کراون لە ناو دەم
داپۆشتراون بە هەورو تەم
لەم بەندەیە بەرم دەدان
یەك یەکە لە چاپم دەدان
***
گەر بۆم بکرێ

دەبووم بە دادگای ئەم شارە

چی جاسوس و تاوانبارە

هەمووم دەدان لە سێدارە

تا هەموو کەسێك بوێرێ

ئەو ئاواتەی مەبەستیەتی

بە ئازادی هەڵبژێرێ

★★★

گەر بۆم بکرێ

هاوار دەکەم پڕ بە دەنگم

بە بەردەوامی دەجەنگم

لە سەرەتای کوردستانم

مەرگ بنێمە سەر دەستانم

بۆ هێنانەدی سەر بەستی

رزگار بوونمان لە ژێر دەستی

.......................................................

## هێزی بازوو

بە هێزی بازووت بژی بە مەردی

ئەم ڕێیە بگرە بە ژێری و مەندی

هەر بە کاسبی دەگەیتە ئاوات

پاڵە بێ، جوتیار، یاخود ئەفەندی

★★★

خۆشگوزەرانی بە ماندوو بوونە

هەر تەوەزەڵ و مات و زەبوونە

بەم هۆیە هەرگیز ناگووزور نابی

کە دروشمێکی ئاشکرا و ڕوونە

★★★

بەم کردەوەیە پۆشتە و تێر دەبی

ماڵەکەت تەژی خێرو بێر دەبی

ئەگەر وانەکەی دوا ڕۆژت ڕەشە

بە چاو قوچانێك سەرە و ژێر دەبی

★★★

نەکەی بۆ مادە سەرت شۆر بکەی

تابۆ گیرفانت پارە زۆر بکەی

ڕووت و برسیەتی گەلێك باشترە

نەك ناڕەوای جۆراو جۆر بکەی

★★★

دەستی بلاّویش وەك دەردو ئێشە

خۆت بپارێزە لەم کێشمە کێشە

بۆ ئەوەی ڕەنجت بە فیرۆ نە ڕوا

بە قەدەر بەڕەت قاچت ڕاکێشە

پەندێکی پێشینانە

⋆ تێبینی: ئەم شعرە کۆنە رۆژی دانانم بە بیرنەماوە

.............................................................

## ئەو برینانەی تا هەتایە سارێژ نابن

خۆشەویستم ...

چەندان ساڵە

لە دەورانێکی بێ بارم

دڵم پڕ ژانە و خەمبارم

ژینم وەك مەرگە موش تاڵە

★★★

روناکیەك بە دیناکەم

لەم گێتیە بە زۆر و کەم

هەر کەسەرەو پەژارەیە

ئاخ و داخ و ئاوارەیە

بە سەر مەستمدا زالە

★★★

تارمایەك دەوری گرتوومە

هەروەك كارێكی شووم

سەرلێ شێواو سەرسامم

لە ژمارە نایە زامم

پیشەم هەر ناڵە ناڵە

★★★

باش دەزانم

شۆرە بیەكەی شۆخ جوان

كە مەلبەندمانبوو كاتی ژوان

لە داخان پەرست و داماوە

ووشك و برینگ و بێ ئاوە

★★★

خۆ نازدارانی شۆخ و شەنگ

دوورن لە گۆڤەند و ئاهەنگ

هەردەم وەكو پرسە دارن

گیان پرئێش و ئازارن

ئاهێكیان تیا نەماوە

تێبینی: ئەم هۆنراوەیەم بە دڵ نیە, بەڵام یادگاریەكی تایبەتی خۆمە

.........................................................

## دوو پۆستەرە شیعر

لە چیای سەفینیان پرسی
دە پێمان بلێ هۆی چیە
کەوا بە توانا و نەترسی
ئازا و نەبەرد و سەر بەرزی
بە هیچ هێرشێك نا بەزی
ولاّمی سەفین
پشت و پەنامە پێشمەرگە
لە ڕێی خەباتدا بە جەرگە
بۆیە لە خۆم ڕادەبینم
سەر بۆ دوژمن نەچەمێنم
تا سەربەستی وەدی دێنم

★★★

گوتیانە کەو تۆ خائینی
ئاوازەکەت تەڵە و داوە
بۆ هۆزەکەت داندراوە
ڕاوچی براکانت بگری
بۆ خواردنی سەریان ببڕی
وەلاّمی کەو:
منیش لە وانە فێر بوومە
هەر بۆیە بێ چاوو ڕوومە
بۆ دوژمنان بێ شەرمانە
بۆنەتە پەندی زەمانە
دەبنە جاسوس و خۆ فرۆش

بۆ وەرگرتنی چەند قڕوش ..................................

بۆ ڤیتنام

ڤێکونکە جەنگاوەرەکان

پێشمەرگە دلاوەرەکان

لە ناو بۆسەو سەنگەرەکان

هاواریان دەکرد بە تێکڕا

بۆ یەك مەبەست و بیروڕا

شاگردی مام هۆشی مێنن

لە قوتابخانەی ژیانا

وانەی ئازادی دەخوێنن

ڕێگای شۆڕشی ڕەوامان

بە خوێنی ئاڵ دەنەخشێنن

بە چەکوشی کرێکار و

بە داسی دەستی ڕەنجبەران

بە بیرو باوەڕی ڕاستی

دادەپلۆسین داگیر کەران

مێژووی ڕوناك دروست دەکەین

بە هاوکاری تێکۆشەران

ئەوسا گەلان لە ناخەوە

سرودی خۆی دەڵێتەوە

باخ و کێڵگە و شاخەکانمان

دووبارە دەژیتەوە

ئاڵای سووری خوێناویمان

لە خاکمان دەلەرێتەوە

نیشتمانی سەرو خوار و

بێ شکەیەك دەگرێتەوە

...........................................................

## شەوێك لە سەر كێڵگەی پێشمەرگەیەكی شەهید

ئەی شەهیدی وولات و خاك

تێكۆشەر لە دوژمن بێباك

چەكی بیرو ڕا هەڵگر بوی

بۆ دوژمن و خۆفرۆشان

★★★

بۆ چەوسانەوەو هەژارەكان

بۆ زوربەی دەردە دارەكان

بۆ فاشیستە بەدكارەكان

داخ لە دڵ و بێبارەكان

كەسەرو ئێش و ژوان بوی

★★★

بانگەوازت هاوارێك بوو

گرمەی هەوری بە هارێك بوو

چەندان دڕندە و جانەوەر

پێ تۆقان و دەترسان

دەنگی لولەی چەكی دەستت

كە هەڵ قولأبوو لە ناخی

بیروباوەڕو هەستت

دوژمنی دەكرد هەراسان

★★★★

بە سەر دەیان شاخی بەرزا

بە بێ پشوودان سەركەوتووی

لە چەندان ئەشكەوتیتاریك

كردبوتە دالدە ولێی خەوتوی

بە تۆفان و زریان

لە سەنگەر ئێشكت گرتوو

بۆ بەزینی داگیركەران

گیانت پێش کەشی خاك كردوە

★★★

هەر بڕێکی ناو لەشت

ڕەنگی خوێنی ئاڵ و گەش

مەشخەڵێکە

ئاسۆی ڕووتی دەم کەلێکە

لە ناو خاکی پان و بەرین

★★★

بۆیە با مژدەت بدەمێ

تاکو مابی دڵسۆزانی وەکو ئێوە

لە پێ دەشت و گرد و کێوە

گورگ بلورێ سەگ بوەرێ

خەباتمان هەر بەردەوامە و

ناوەستێت و ئەڕواتەدێ

خەباتمان هەر بەردەوامە و

ناوەستێت و ئەڕواتە ڕێ

.............................................................

## بۆ گۆرانی شاعیری نەمر

ئەم شعرە بە بۆنەی تێپەربوونی دەساڵ بەر سەر کۆچ کردنی شاعیری ناوداری کورد مامۆستا گۆران. لە گۆڤاری بیری نوێ ژمارە (23) ساڵی 1972 بلاْوکراوەتەوە

ئەوە دە ساڵی تەواوە

بوی بە میوان
لە گۆڕستانەکەی جوانی
گردی سەیوان
دە پێمان بڵێ هۆی چیبوو
جێگای وانت بۆم داناوە
ویستت بچیە لای ئەوانەی
بە داخەوە سەریان ناوە
کە لەڕێی مرۆڤایەتی
ملیان بە پەتا کراوە
وەك ئەوانەی کە شاعیر بوون
قارەمان و رۆشنبیر بوون
کە ئەستێرەی پرشنگدار بوون
بۆ گەل و وولات ناودار بوون
★★★
بۆیە سروشتی کوردستان
بڕیاریدا بەبێ وەستان
گەلاو گوڵیان هەڵوەرێنین
دڵداران و یارەکانیان
هەستی یەکتر نەبزوێنین
پۆلێ مەلان لە سەر چڵان
هیچ ئاوازی خۆش نەخوێنین
★★★
نە هەڵپەرکێ بەستە و سەیران
نە ئاوازی هورەی جاف و
سیاچەمانە و  لاوك و حەیران
نە قەتار وئەڵلا وەیسی و
ئای ئای دەشتی گەرمیان
تۆ گۆرانی
★★★

شاعیری بەرزی کوردانی

لە دڵی کرێکارانی

لە ناو کێڵگەی جوتیارانی

پێنووسەکەت خەنجەرێ بوو

بۆ جەرگ و دڵی ئیستعمار

بۆ رژێمی سەرمایە دار

ئاشتی خواز بووی

پاك نیاز بووی

دڵت لە گەڵ

هەموو گەلێکی جیهان بوو

تێکوشانت

بۆ سەربەستی بۆ ژیان بو

کە وابێت ماوی نەمردوی

هەردەم زیندوی

هەردەم زیندوی

.........................................................

## کرێکارم

کرێکارم  کرێکارم

بە دەست و بازووم بە کارم

سەربازێکی شۆرشگێری

لە شکری پرۆلیتارم

هەڵکەنی گۆرانی رژێمی

چەپەڵێ سەرمایە دارم

٭٭٭

بۆ زەحمەت کێش و چەوساوە

دڵسۆزێکی وەفادارم

داهێنەری سۆسیالیستی

چەژنی پیرۆزی ئایارم

★★★

دژی بازرگانی شەڕ و

گشت چەکێکی وێرانکارم

ئەنجنی ووردو خاشکەری

کە لە بچە و کوتی زۆردارم

.............................................

## داخێك

پێش کەشە: بە گیانی پاکی مامۆستا (شێرزاد حەمەد حەسەن)

کە بە کارەساتێکی دڵ تەزێن جوانە مەرگ بوو ماڵئاوایی لە کەسوکار و هەڤاڵانی کرد.

فەلەك گەردوون

دیسان کەوتینە هاتووچوون

دەستی چەپەکی خۆت وەشاند

گوڵێکی تازەی پشکوتوت

بێبەزەیانەت هەڵوەراند

★★★

دەزانی شەقامی تەم تەم

داپۆشراوە بە هەور و تەم

نە جریوەی ئەستێرەیە

وە نە هاژەی ڕووبار و چەم

هەڤالاَنت دلّیان پڕە

لە جۆرەها کەسەر و خەم

★★★

کۆلاَنەکەی کانی مزگەوت

لە داخی چەرخی پوچ و چەوت

ئەم شەو رۆژە هەر نەسرەون

بەم هەواڵە جەرگ بڕە

هاواری دەکرد کۆستم کەوت

★★★

چۆن چۆن لە بیر دەچێتەوە

کە لەنێکی وەها گەورە

ئاخۆ چۆن پڕ دەبێتەوە

هەتا هەتایە لەم شارە

جێگاکەی ئەو هەر دیارە

★★★

منیش ئەوەندەم بۆ ماوە

تاکو ئەم دونیایە ماوە

بلێم ئاخ هەزار ئاخ مردن

لە ژیان بێبەش کردن

تەم تەم: شەقامێکە لە شەقلاَوە گازینۆیەکی لێی بە هەمان ناو, جوانە مەرگ ناوبراو زۆربەی زۆری لەم گازینۆیە دادەنیشت.

کانی مزگەوت: سەرچاوەی کانیاوێکە لە نزیك ماڵی جوانە مەرگ.

.....................................................

بۆ گیانی پاکی لاوك بێژی بلیمەتی بە ناو بانگ (کاوێس ئاغا)ی نەمر

هەولێر 1988

هەر کاتێ لاوکێکت دەچڕی

دەنگ خۆشەکەت هەڵدەبڕی

ووشەی ڕازاوە و ڕەسەنن

لە دەرونتا هەڵدەوەری

کیژۆڵەو لاوەکان چین چین

وێنەی ئەڤینی مەم و زین

دڵ و هۆشیار دەکرایەوە

گڕیان ... دادەمرکایەوە

⋆⋆⋆

لە ناو دۆڵ و شاخ و نزار

لە لوتکەی هەزار بە هەزار

لە گولزار و , دیمەنی جوان

لە گۆرانی و شمشاڵ شوان

پۆلێ مەل و, کەو, شالوور

دەم بە ئاواز بەبێ سنوور

دەبوون بە کۆرس لەم ناوە

وەڵامی تۆیان دەداوە

⋆⋆⋆

لاوکت هەڵمەت و نیشان بوو

وەك جامبێزاری سەرتان بوو

لە شۆڕشی بابی لە تیفی

کاتێ ڕاپەڕی تەشریفی

دژی بێگانەی داگیر کەر

خێرابوە بۆ سەو سەنگەر

بۆ بەرگری لە کورد کردن

لە پێناوی ماف وەرگرتن

★★★

بە چەندان لاوکی بە سۆزت

بۆ کیژۆلآنی نازدار بوو

بۆ شۆخانی سەر بەتاس و

بالاّ بەرزیانی خەزێم شۆڕ و

خرپنانی چاو بە خوومار بوو

بۆ شەنگە بێریانی کۆك و

جوانانی هۆیە و دەوار بوو

بابێلەتفی: مەبەست شێخ محمودی نەمرد

......................................................

## جەژنی نەورۆز

لەم نەورۆزە

لەم جەژنە خۆشە پیرۆزە

لە هەر لایەك خۆشی

و سەیرانە

بەزمە, لاوکە, حەیرانە

خوڕەی تاڤگە و ڕووبارانە

لە لایەك پەلکە زێرینە

لایەك نمەی بارانە!

لە سەر لوتکەی زۆر جێگادا

هەڵدەستێ مەشخەڵێ ئاگر

بە چوار دەوری هەڵ دەپەڕن

هەرزەکاران بە کیژو کوڕ

سروودی نەورۆز گوتنە

سەرفیرازی و سەرکەوتنە

***

لەم نەورۆزە

لەم جەژنە خۆشە پیرۆزە

هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا

کە کاوەی قارەمان هەستا

شۆرشێکی وای پێك هێنا

زوخاکی خوێن خۆرو پیسی

لە ڕەك و ڕیشە دەرهێنا

ئاشکرای کرد کە گەلی کورد

گرەوی خۆی دەباتەوە

بە بەردەوام لە تێکۆشان

تا تۆلەی خۆی دەکاتەوە

***

باش دەزانین مامە کاوە

پشت و پەنای زەحمەت کێشە

چارەسەری بنەڕەتی

مەینەتی و دەردو ئێشە

دۆست و برای هەژارانە

دوژمنی ناڵە بارانە

★★★

فێری کردین

کاتێ هێرشی داگیرکەر

بۆی بچنە بۆ سەو سەنگەر

لە سەرانسەری کوردستان

لە گەرمێنی هەتا کوێستان

بۆ دوژمن و پیلان گێران

هەمووی بکەین بە گۆرستان

.........................................................

## جگەرە

زۆر تاڵترە لە ژاری مار

دادەرزێنێ گۆشت و دەمار

لە هەوراز تەنگە نەفەسی

پڕ بە دڵ لە خۆت وەرسی

هەردەم ماندی لە ڕۆیشتن

بەبێ جیا واز و گوشتن

لە ئێواران تا نیوە شەو

کۆکەیە و بێبەشی لە خەو

بە زۆری کزو ڕەنگ زەردی

بۆ خۆت دەرد دەکریت بە پارە

باش دەزانیت نالە بارە

..............................................

## گوفت و گۆی لە نێوان دوو منداڵی پارچەلەی کورد

منالّی یەکەم

باوکم چوە بۆ هەولێرێ

لەوێ شەکرۆکەم بۆ دەکرێ

کاتێ گەڕایەوە لامان

توند توند لە باوەشم دەگرێ

چەند جارێ ماچم دەکات

دەڵێ خوایە رۆڵەم نەمرێ!

★★★

منداڵی دووەم

منیش بێکەس و هەتیووم

بەبێ بەرگ و نان و شیووم

باوکی دلسۆزم کوژراوە

لەم خاکە خوێنی ڕژاوە

خوا خوامە پێش ئەوەی بمرم

چەکی بەرگری هەڵگرم

بۆ تۆڵەی باوەك و ئاواتم

تەنها ئەوەیە ئاواتم

.............................................................

## شاری بەرلین

به بۆنەی دەیەمین ڤیستیڤاڵی لاوان و قوتابیان لە بەرلین

شاری بەرلین

شارەکەی خۆشی و سەربەستی

ئەی مەڵبەندی

کامەرانی و دوور لە پەستی

دانیشتوانت

روخێنەری فاشیستیە

دامەزرێنەری بیروڕای

رژێمی سۆسیالیستی یە

★★★

پێتان دەڵێین ئێمە کوردین

قارەمانی ئاگری داغ و

شاخە بەرزەکەی هەڵگوردین

گەلێکی ئازا و بە جەرگین

**خاوەن گەلێ قوربانی و شەهیدین**

**بەلاّم وەك گەلانی ژێر دەست**

**لێمان قەدەغە كراوە**

**ژیان و ئازادی و بیرو وەهەست**

**★★★**

**هاورێكانم گشت لایەكمان**

**خاوەن یەك ڕاو مەبەستین**

**هاتووین لە ناخی دلّەوە**

**پە یمانێكی وا ببەستین**

**بۆ ئاشتی و خۆشی و بەختیاری**

**بۆ گشت گەلاّن خودموختاری**

**تێبینی: ئەم شیعرە كە زۆر لەوە زیاترە بوو, بەلاّم لە بەر رۆژگار پڕ دەردەسەری وەكو چەندان شیعری تر لە ناو چوون شاعیر (كۆتایی)**